زانكۆ: سەلاحەدین - هەولێر

كۆلێژ: زانستە سیاسیەكان

بەش: سیستەمە سیاسیەكان و سیاسەتی گشتی

وانەی كۆرسی یەكەم:

# دەروازەیەكی كلاسیكی بۆ زانستی سیاسی

قۆناغی یەكەم

مامۆستای وانە:

**م. سەروەر حەمە ئەحمەد**

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢ بـۆ ٢٠٢٣

## "پەرتووکی کۆرس" (Course Book)

| | |
|---|---|
| **١. ناوی کۆرس:** | دەروازەیەکی کلاسیکی بۆ زانستی سیاسی |
| **٢. ناوی مامۆستای بەر پرس:** | م. سەروەر حەمە ئەحمەد |
| **٣. بەش/ کۆلێژ:** | سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی / کۆلێژی زانستە سیاسیەکان |
| **٤. پەیوەندی:** | ئیمێل: sarwar.ahmad@su.edu.kurd<br>ژمارەی موبایل: ٠٧٥٠١٠٣٥٠٠٧ |
| **٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک:** | سێ (٣) کاژێر لە هەفتەیەکدا، بۆ هەر گروپێك. |
| **٦. ژمارەی کارکردن:** | سێ (٣) کاژێر لە هەفتەیەکدا، بۆ هەر گروپێك. |
| **٧. کۆدی کۆرس:** | |
| ٨. **پرۆفایلی مامۆستا:** | ✓ **زانیاریی کەسی:**<br>– ناو: سەروەر حەمە ئەحمەد صادق<br>– مێژوو و شوێنی لە دایکبوون: ٢٨ی تەمووزی ١٩٨٨، شارەزوور – سلێمانی.<br>– ناونیشان: هەرێمی کوردستان/ پارێزگای هەولێر/ گەڕەکی فەرمانبەران.<br>– پلەی وەزیفی و شوێنی کاری ئێستا: **مامۆستا** لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>– باری کۆمەڵایەتی: خێزاندار<br>✓ **بڕوانامەی بەدەستهاتوو:**<br>– هەڵگری بڕوانامەی (**بەکالۆریۆس**) لە زانستی سیاسی بە پلەی یەکەم لە کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسیەکان، بەشی زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر، بۆ |

| | |
|---|---|
| سالی خوێندنی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٠.<br>– هەڵگری بڕوانامەی (**ماجستێر**) لە زانستی سیاسی، کۆلێژی بازرگانی و کارگێڕی کار، بەشی زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی حلوان/ قاهیرە، بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٤، ناونیشانی تێزی ماجستێر (**القضية الكوردية من منظور السياسة الخارجية الأمريكية / "دراسة حالة لإقليم كوردستان العراق ٢٠٠٠-٢٠١٢"**).<br>✓ **کار و چالاکی:**<br>– مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>– لێکۆڵەری سیاسی لە کۆمەڵەی زانستە سیاسیەکانی کوردستان (KPSA)<br>– توێژەر لە سەنتەری سیاسی و ستراتیژی زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر (CPSS)<br>✓ **بەرهەم و بڵاوکراوەکانی:**<br>١. کتێبی (**هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا)**، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ساڵی ٢٠١٨.<br>٢. کتێبی (**ڕۆشنبیری سیاسی)**، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ساڵی ٢٠١٩.<br>٣. کتێبی (**القضية الكوردية من منظور السياسة الخارجية الأمريكية)**، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، ساڵی ٢٠١٩.<br>٤. کتێبی (**کوردستان لە ستراتیژیەتی ڕۆژئاوادا)**، دەزگای فام، هەولێر، ساڵی ٢٠٢٠.. | |

٥. توێژینەوەی **(حرب الخليج الثالثة والتحالف الأمريكي الكوردي في العراق)**، المجلة العلمية للبحوث والدراسات التجارية، كلية التجارة وإدارة الأعمال/ جامعة حلوان، المجلد (٢٨)، العدد (٢)، الجزء الأول، ٢٠١٤.

٦. توێژینەوەی **(هەرێمی کوردستان لە گۆشەنیگای ئیدارەی دووەمی باراك ئۆباما دا / ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٦)**، گۆڤاری زانکۆ بۆ یاسا و ڕامیاری، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ژمارە (٢٢)، کانونی یەکەمی ٢٠١٧.

٧. توێژینەوەی **(ستراتیژیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی باراك ئۆباما: "ئێران‌و سوریا وەك نموونە")** گۆڤاری زانکۆ بۆ یاسا و ڕامیاری، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر، ژمارە (٢٥)، کانونی یەکەمی ٢٠١.

٨. توێژینەوەی **(جرائم الإرهاب وتداعياته على السلم والأمن الدوليين / "جرائم داعش نموذجاً")**. المجلة قەڵای زانست، مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية-أربيل، المجلد (٣)، العدد (١)، كانون الثاني ٢٠١٨.

٩. توێژینەوەی **(پێگەی هەرێمی کوردستان لە ستراتیژیەتی وزەی یەکێتی ئەوروپا)**، گۆڤاری زانکۆ بۆ یاسا و ڕامیاری، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر، ژمارە (٢٥)، کانونی یەکەمی ٢٠١٨.

١٠. خاوەنی چەندین چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی‌و بابەتی شیکاری‌و بابەتی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارو پێگە ئەلیکترۆنیەکان.

**١٠. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

گرنگی ئەم بابەتە _پەرتووكی كۆرس_ە دەكرێ لەم خاڵەی خوارەوەدا بخرێتە ڕوو:

١) ناساندنی سیاسەت لە ڕێگای پێناسە كردنی چەمك و زاراوەی سیاسەت لەلایەك و چەمك و زاراوەی زانستی سیاسەت لە لایەكیتر.

٢) دیاری كردنی ئامانجەكانی زانستی سیاسەت لە چوارچێوەی پیشەگەری و ڕۆشنبیریی و زانستی و ئەكادیمی لەگەڵ دابین كردنی پێداویستییەكانی سیاسەت و جێبەجێكردنی.

٣) پێشكەش كردنی خوێندنەوەیەك بۆ دیاریكردنی پەیوەندییەكانی زانستی سیاسەت بە زانستەكانی تری وەك مێژوو، یاسا، كومەڵناسی، ئابوری، فەلسەفە و دەروناسی ... هتد.

٤) پێشكەش كردنی خوێندنەوەیەكی گشتی بۆ مێژووی پەرەسەندن و پێشكەوتنی زانستی سیاسەت.

٥) خوێندنەوە و ڕوون كردنەوەی گشت بابەت و بوارەكانی زانستی سیاسەت.

**١١. ئامانجەكانی كۆرس:**

ئامانجی ئێمە لەم بابەتە دەكرێت لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

یەكەم: یارمەتیدان و هاوكاریكردنی قوتابیانی قۆناغی یەكەمی زانستە سیاسیەكان بۆ ئەوەی تێڕوانین و بیروبۆچون و ڕۆشنبیریەكی سەرەتاییان هەبێت سەبارەت بە زانستی سیاسەت و بوارەكانی، كەلە ڕێگایەوە دەتوانێت بەشەكەی خۆی زیاترو باشتر بناسێت.

دووەم: قوتابیانی ئەم قۆناغە _قۆناغی یەكەم_ پێویستییەكی زۆریان بەخوێندنی ئەم بابەتە هەیە تاكو بتوانن لەو ناڕونی وئاڵۆزی وتێكەڵاو بوونە ڕزگاریان ببێت كەلە نێوان سیاسەت لەلایەكو زانستی سیاسەت لەلایەكی دیكەدا هەیە، وە بۆئەوەی بتوانن چوارچێوەی پسپۆری خۆیان بەشێوەیەكی زانستیو ئەكادیمی دیاری بكەن لەبەرئەوەی ئەم بابەتە بە شێوەیەكی ڕوون باس لە چەمكی سیاسەتو چەمكی زانستی سیاسەتو بابەتی زانستی سیاسەتو چۆنیەتی پێشكەوتنیو ئامانجەكانی زانستی سیاسەت دەكات.

**١٢. ئەركەكانی قوتابی:**

ئێمە وەك مامۆستای وانە هەوڵماندaوە بەرپرسیارێتی قوتابی دیاریبكەین، كە خۆی دەبینێتەوە لە "ئامادەبوونی قوتابیان لە پۆلو تاقیكردنەوەكانو ڕاپۆرت و كورتكردنەوەو خوێندنەوە بۆ پەرتوكێكی

دیاریکراو ... هتد.

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە:**

ئێمە وەك مامۆستای وانە سود لە داتاشۆ، پاوەرپۆینت، تەختەی سپی، پەرتوك و هەر ڕێگایەکی دیکەی گونجاو وەردەگرین بۆ وانە ووتنەوە.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

وەك مامۆستای وانە بەم جۆرەی لای خوارەوە هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیان دەکەین:

١. لە ڕێگای تاقیکردنەوەی مانگانە.
٢. لە ڕێگای کویزەکان.
٣. لە ڕێگای گفتوگۆی ناو پۆل.
٤. لە ڕێگای ڕاپۆرت و وتار نووسین.
٥. لە ڕێگای ڕێژەی ئامادەبوون و نەبوونی لە پۆلدا.

هەرجۆرە هەڵسەنگاندنێك نمرەی تایبەتی خۆی لەسەرە، بۆ نموونە تاقیکرنەوەی مانگانە ١٥ نمرە، کویزەکان ٣ نمرە، گفتوگۆ و چالاکی ناو پۆل ٣ نمرە، ئامادەبوون ٤ نمرە و .... هتد.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

ئامانجی ڕوونی ئەم بابەتە بریتییە لە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی قوتابیانی قۆناغی یەکەمی بەشی زانستە سیاسیەکان بۆ ئەوەی تێڕوانین و بیروبۆچون و ڕۆشنبیریەکی باشیان هەبێت سەبارەت بە زانستی سیاسەت و بوارەکانی. کەلە ڕێگایەوە دەتوانێت بەشەکەی خۆی زیاتر و باشتر بناسێت. هەروەها قوتابیانی ئەم قۆناغە پێویستییەکی زۆریان بەخوێندنی ئەم بابەتە هەیە بۆئەوەی بتوانن چوارچێوەی پسپۆری خۆیان بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی دیاری بکەن، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ڕوون باس لە چەمکی سیاسەت و چەمکی زانستی سیاسەت و بابەتی زانستی سیاسەت و چۆنیەتی پێشکەوتنی و ئامانجەکانی زانستی سیاسەت دەکات. وە لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە قوتابیەکی هۆشیارو ڕۆشنبیر پێدەگەینین بۆ نێو بازاری کار و دامەزراوە فەرمیەکانی حکومەت.

لە دیارترین ئەو خاڵانەی کە دەبێت خوێندکار فێریان ببێت لە کۆتای ئەم کۆرسەدا، بریتیین لە:

١) چوارچێوەی تیۆری چەمکەکان "چەمکی سیاسەت و زانستی سیاسەت".

٢) بابەت و بوارەکانی زانستی سیاسەت.

٣) پەرەسەندنی مێژویی زانستی سیاسەت.

٤) ئامانجەکانی زانستی سیاسەت.

٥) پەیوەندی زانستی سیاسەت بە زانستەکانیتر.

**١٦. لیستی سەرچاوە:**

– سەرچاوە بنەڕەتیەکان:

١) ستيفن دي تانسي، علم السياسة الأسس، ترجمة: رشا جمال، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، بيروت، ٢٠١٢.

٢) د. قطحان أحمد الحمداني، الأساس في العلوم السياسية، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٢.

٣) د. نعمان أحمد الخطيب، الوجيز في النظم السياسية، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١١.

٤) د. اشرف رمضان عبد الحميد، مدخل في العلوم السياسة، مكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ٢٠١٠.

٥) د. عابد خالید رەسول، دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت، بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران، سلێمانی ٢٠١٢.

6) Raymond Garfield Gettell, Introduction to Political Science, 2018.

7) Gregorio F. Zaide, Introduction to Political Science.

– سەرچاوەی سوودبەخش:

١) د. عصام سليمان، مدخل إلى علم السياسة، الطبعة الثانية، دار النضال للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٩.

٢) ٢. د. فضل الله محمد إسماعيل، فلسفة السياسة، دار الجامعة الجديدة، القاهرة، ٢٠٠٨.

٣) ٣. د. عەبدولڕەحمان عالم، بنەماكانی زانستە سیاسیەكان، وەرگێڕانی: دلاوەر عەبدوڵڵا و محەمەد كەریم، بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران، سلێمانی ٢٠١٢.

<table>
<tr><th>١٧. بابەتەکان:</th><th>ناوی مامۆستای وانەبێژ</th></tr>
<tr><td>

**باسی یەکەم: ناساندنی چەمکی سیاسەت**

- چەمکی سیاسەت
- پێناسەی چەمکی سیاسەت
- سروشتی سیاسەت و پیادەکردنی سیاسەت
- تێڕوانینی ئەرێنی و نەرێنی بۆ سیاسەت

**باسی دووەم: ناساندنی چەمکی زانستی سیاسی**

**باسی سێیەم: ئامانجی سیاسەت و زانستی سیاسی**

- ئامانجەکانی سیاسەت
- ئامانجەکانی زانستی سیاسەت

**باسی چوارەم: پەیوەندی نێوان زانستی سیاسی لەگەڵ زانستەکانی دیکە**

**باسی پێنجەم: پەرەسەندنی مێژووی زانستی سیاسی**

- زانستی سیاسی کلاسیك (کۆن)
- زانستی سیاسی نوێ

**باسی شەشەم: ڕێبازەکانی شیکردنەوەی سیاسی لە زانستی سیاسی هاوچەرخدا**

- ڕێبازی ڕەفتارگەرایی (المذهب السلوكي)
- ڕێبازی دوای - ڕەفتارگەرایی (مذهب ما بعد السلوكية)
- ڕێبازی بونیادی - ئەرکگەرایی (المذهب البنائی - الوظيفي)

</td><td>

**م. سەروەر حەمە ئەحمەد**

**تێبینی:**

بە پێی ساڵنامەی زانکۆ و، ڕۆژانی پشوو لە هەرێم خشتەی کاتی وانەکان دەگۆردرێت و جێگیر نییە و بەم پێیەش کاتی وانەی هەفتانە دەگۆردرێت.

</td></tr>
</table>

**١٨. بابەتی پراکتیک:**

بابەتە پراکتیکیەکانی کۆرسەکەمان خۆی لە گفتوگۆ و سیمیناری قوتابییان دەبینێتەوە.

**١٩. تاقیکردنەوەکان:**

پرسیاری نمونەیی: زانایان و بیرمەندان چۆن پێناسەی چەمکی سیاسەتیان کردووە؟، لەسەر ئەم پرسە دارشتنێکی زانستی بنوسە.

وەڵام:

زاراوەی سیاسەت لە زمانی کوردیدا هاوتای وشەی (ڕامیاری)یە، کەلە بنەڕەتدا لە وشەی (السياسه)ی زمانی عەرەبی وەرگیراوە. لە زمانی ئینگلیزیشدا لە بەرامبەر وشەی سیاسەت وشەی (Politics) بەکاردەهێنرێت، وە لە زمانی فەرەنسیدا وشەی (Politiqua) لە بەرامبەر وشەی سیاسەت بەکاردەهێنرێت. وە هەردوو وشەی (Politics)ی ئینگلیزیو (Politiqua)ی فەرەنسی لە بنەڕەتدا لە وشەیەکی زمانی یۆنانی وەرگیراون، کە ئەویش وشەی (Polis-پۆلیس)ە، کەلای یۆنانیە کۆنەکان بەواتای (شار) بەکارهاتووە.

بەگشتی کارێکی تاڕادەیەك گرانو زەحمەتە بتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بۆچەمکی سیاسەت بکەین، چونکە دیدو بۆچوونی بیرمەندانو زانایان سەبارەت بە جەوهەری چالاکی سیاسەت لەیەك جیاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت لێرەدا چەند پێناسەیەك بخەینەڕوو، بۆ نموونە:

بیرمەندی ئیتاڵی (برۆنیتۆ لاتینی-Brunetto Latin) دەڵێت: "سیاسەت بریتییە لە حوکمکردنی شارەکان". وە هەر لەسەدەی پانزەهەمیشەوە تا سەدەی حەڤدەهەم، لە زمانی زانستیی فەرەنسییەکانداو لە ئەنسکلۆپیدیای گەورەی فەرەنسی دا هاتووە کە: "سیاسەت بریتییە لە هونەری حوکمکردنی دەوڵەت".

وە لە ساڵی ١٩٦٢و لە (فەرهەنگی ڕۆبێرت-Robert)دا ئەڵێت: "سیاسەت هونەری حوکمکردنی کۆمەڵگە مرۆییەکانە". جا مەبەست لە کۆمەڵگەی مرۆیی (شار) بێت یان (دەوڵەت) یان هەر جۆرێکیتر لە کۆمەڵگەی ڕێکخراو.

وە (فەرهەنگی لیتریە-Littre) لە ساڵی ١٨٧٠ دا، وا پێناسەی سیاسەت دەکات کە بریتییە لە: "زانستی حوکمکردنی دەوڵەتو بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی دەوڵەت بە دەوڵەتانیترەوە". هەروەها ئەڵێت:

"سیاسەت بریتییە لە بەشداریکردن لە کاروبارە گشتییەکانی دەوڵەتدا".

وە (فەرهەنگی فەلسەفی سۆڤیەتی)یش پێناسەی سیاسەت دەکات بەوەی کە: "بریتییە لە بەشداریکردن لە کاروبارەکانی دەوڵەتو ئاراستەکردنی دەوڵەتو دەسنیشاکردنی شێوازو ئەرکو پێکهاتەی چالاکییەکانی دەوڵەت".

زانای ئەمەریکی (هارۆڵد لاسوێل-H. Lasswell) پێناسەی سیاسەت ئەکات کە بریتییە لە: "پەیوەندییەکانی دەسەڵات یان هێز لە نێوان خەڵکی دا". وە بریتیشە لەوەی کێ چی دەست دەکەوێ، کەیو چۆن؟.

وە بیرمەندی میسری (د. بگرس بگرس غالی) لە پێناسەی سیاسەتدا دەڵێت: "سیاسەت هەر شتێکە کە پەیوەندی هەبێ بە پیادەکردنی دەسەڵاتو ململانێ لەسەرکردنو بەدەستهێنانو بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە".

وە بیرمەندی ئیتاڵی (نیکولو مکیافیلی-Niccolò Machiavelli) لە پێناسەی سیاسەتدا دەڵێت: "سیاسەت هونەری گەیشتن بەدەسەڵاتو مانەوە لەدەسەڵاتە".

**بەهیوای سەرکەوتن بۆ قوتابیانی ئازیز**